# (نا) ی توێژی لاوان لەبەردەم پرۆسەی دەنگدان بۆ دەستوور؟

**تەها سلێمان**
tahasleman17@yahoo.com

(نا) بۆدەستوور 15 / 10 / 2005 ڕێژەیەکی کەم نەبوو، خودی ئەم نایەش فرە جۆربوو. وەك (نا)ی ئیسلامی سوونە، (نا)ی شیعەی توندڕەو، (نا) ی تیرۆرستان، (نا)ی تورکمان، (نا)ی ئاشووری، (نا)ی بەعسی، (نا)ی بەشێك لەڕۆشنبیران و نوسەران، (نا)ی مەزهەب، و هتد لەناوئەم نایانەدا (نا)یەکی سەرسەخت لەناوکۆمەڵگای کوردیدا دەبینرا، ئەویش (نا)ی توێژی لاوان یان گەنج بوو. لەم نوسینەدا هەوڵدەدەین لەسەر ئەم نایە بوەستین و خوێندنەوەی بۆ بکەین. من یاسا ناس نیم و پسپۆڕیش نیم لە بواری یاساو تایبەتمەندی و لایەنە جیاجیاکانی دەستوور, کاتێکیش پرۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەی عێراقم بینی زۆرێك سەرنج و تێبینیم لا گەلاڵە بوو, وەلێ نەمویست بچمە ناو گفتوگۆی ئەم باسە بە ئاراستەی بیرکردنەوەی هەندێك گروپ و دەستەو خەڵك. ئەگەر چی لەوەیش دڵنیا بووم زۆرێك لە سەرنج و تێبینی و گفتوگۆکان بابەتیبوون و ناکرێ بە ئاسانی بە سەرماندا بگوزەرێت. بەدیوەکەی تریشدا زورێکی تر لە سەرنج و بیروڕای جۆراوجۆرم بەرچاو دەکەوت تەواو پێچەوانەی لۆژیکی سیاسەت و تایبەتمەندیەکانی سروشتی کۆمەڵگای عێراقیو کوردستانی بوون و لەو پەری کەف و کوڵ و شێوازی خورسکیانەوە سەرچاوەی دەگرت. یان ئەو تۆ بنەماو باگراوەندێکی زانستیان لە خۆ نەگرتبوو وەك بینیشمان سەرئەنجام پرۆسەی دەنگدان لە سەر دەستووری هەمیشەی عیراق لە کات و شوێنی دیاری کرواداا ڕای کراو چووە ڕێوە. وەك لە سەرەوەیش ئیشارەتمان پێکرد(نا) گرنگترین مەسەلەی چواچێوەی ئەم پرۆسەیە بوو. بڕوایشم وایە ئەم (نا)یە بەرامبەر پرسی دەنگدان بۆ دەستووردا زۆرتر لەوە هەڵدەگرێ کە بە وتارێك لایەنە جیاجیاکانی خوردکەیتەوە و ڕاڤەی بۆ بکەیت, بەلاّم هێندە هەیە لەم وتارەدا هەڵوەستەیەکی لە سەر بکەین و(نا)ی توێژی لاوان لە پرۆسەکەدا بخینە بەردەم پرسیارو خوێندنەوە. روونتر بە لای منەوە دەتوانین بڵێین(نا)ی توێژی لاوان لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا گرنگترین ئەو مەسەلانەیە کە دەبێت لە سەری ڕاوەستین. چونکە لاوان فراوانترین توێژی نێو کۆمەڵگان و پایەیەکی بنەڕەتی پێکهێنانی پێکهاتەی تەندروستی کۆمەڵگان. لە بەردەم ئەم (نا)یەدا دەتوانین بپرسین: ئایا لە تەنها شارێکدا یان شارۆچکەیەکدا یا خود بنکەیەکی دەنگدان یان بە پێچەوانەوە لە سەرتاسەری کوردستان توێژی لاوان ئامادەنەبوون بەشداری پرۆسەی دەنگدان بۆ دەستوور بکەن و(نا)یشیان وەك هەڵوێستی ڕەوای خۆیان بۆ بەشداری نەکردن بەکارهێنا؟ دەکرێ بپرسین: ئەم بەشداری نەکردن و (نا)یەی لاوان هۆکارەکەی چییەو بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئایا نا هۆشیاری توێژی لاوان دەگەیەنێ یان بە پێچەوانەوە (نا)یەکی وریاکەرەوەیە بۆ دەسەلاّت و هاوشێوەکانی لە کۆمەڵگادا؟ یان ئەم (نا)یە دەرئەنجامی پێشینەی دووروودرێژی

سیاسەتی حزبە بالاَ دەستەكانی كۆمەڵگا و واقیعی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی داهێزراوی سایەی دەسەلاَتداریێتی ئەوانە؟ ناشكرێ لەوەش نەپرسین خوێندنەوەی دەسەلاَت و حزبە بالاَ دەستەكان بۆ ناوەڕۆك و باگراوەندی ئەم(نا)یەی توێژی لاوان چییەو چۆن لە یەكی دەداتەوە؟ ئایا وەك هەر مەسەلەیەكی تر پشتوگوێ دەخا و لە هۆكارەكانی ناپرسێتەوە, یان ئاراستی توندوتیژیو كپ كردنەوە لە بەرامبەریدا دەگرێتە بەر, یا خود ئەم (نا)یە بە سروشتی وەردەگرێ و هەوڵدەدا پێویستیەكانی وەلاَمدانەوە بە شێوەیەكی بابەتی لە خوێدا بەرجەستە بكات؟

دەگەڕێمەوە و پێش ئەوەی وەلاَمی ئەو پرسیارانەی سەرەووە بە كۆ بدەمەوە, دەڵێم: بە راست توێژی لاوان بە(نا)و بە رێژەیەكی بەرچاو بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان بۆ پرۆژەی ڕەشنووسی دەستوور نەكرد. وەلاَم بێگومان بەڵێ.. بەڵگەی سەلمێنراویش لە بەردەستە بۆ ساغ كردنەوەی ئەم ڕاستیە و دەشتوانم بلێم(85٪) توێژی لاوان بەشدارییان لە پرۆسەكەدا نەكردووە لە زاخۆوە تا كفری و ئەم بەشداری نەكردنەشیان بێجگە لەو پرسیارانەی سەرەوە زور پرسیارو بابەتی تری لە خۆ گرتووە كە لەم بابەتەدا جێ قسە لە سەركردنیان نییە. لاوان یان گەنجان ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە پرۆسەی دەنگدان لە سەر دەستوور لەوێوە سەرچاوە دەگرێ كە پێیان وایە ئیتر و دوای چەندین ساڵی دەسەلاَتداریێتی لۆكاڵی كوردی و هەڵپەی سیاسی بی سەروبەرو نا بابەتیانەیان, پێویست ناكا بە بەڵێ دەنگ بە پرۆژەیەك بدرێ كە ئەوان سەركردایەتی بكەن. ئەگەر چی ئەم بۆچوونە جۆرێك لە تێكەڵ و پێكەڵی پێوە دیارە بەو پێیەی دەستوور موڵكی تەنها حزبە بالاَ دەستەكان نی‌یە. بە قەد ئەوەی كە مەسەلەیەكی گەورەو پێویستی بنەڕەتی دروست بوون و دامەزراندنەوەی كۆمەڵگایە بە تایبەت لە ولاَتێكی وەك عێراقدا كە لە دوای رووخانی(بەعس)ەوە كۆی پایەو دامەزراوە جۆراوجۆرەكانی بە دەستووریشەوە لە بەر یەك هەڵوەشایەوە. بەلاَم سیاسەتی چەوت و نا بابەتیانەی حزبە بالاَدەست و دەسەلاَتدارەكان وای كردووە كە لاوان پێیان وابێ دەنگدان بۆ دەستوور دەبێتە پاییەكی سیاسی و مەعنەوی گرنگ بۆ خودی ئەو حزبانە! ئەمە جۆرێك لە راستی تیایە بەلاَم لە پشتی ئەم راستیەوە گرفتێكی تر هەیە ئەویش ئەوەیە خودی ئەو حزبانە نەیاتوانی و ناتوانن ناوەڕۆكی ڕاستی ئەم مەسەلەیە لە توێژی لاوان بگەیەنن, هۆكاری سەرەكی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەم حزبانە هەمیشە بە جۆرێك لە بەرنامەو نەخشەو گوتاری سیاسی ڕووبەڕووی مەسەلەكان دەبنەوە, لاوان بە تێكڕا یان بە رێژەییەكی بەرچاو بڕواییان بەو بەرنامەو نەخشەو گوتارە نی‌یەو بە دیوەكەی تردا پییان وانی‌یە دەسەلاَت و حزبە دەسەلاَتدارەكان بتوانن پێویستیەكانی كۆمەڵگاو مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەكان بەگشتی و بایەخدان بە لاوان بە شێوەیەكی تایبەت كە لە بەرنامەیاندا لە جارێك زیاتر بە نووسین هاتووە و جەختی لە سەر كراوە, جێبەجێ بكەن. بۆچوونێكی تریش لە نێو خودی لاواندا بە شێوەیەكی فراوان هەیە كە بەرپرسیاریتی كۆی كەم و كوڕی و ناتەواوییەكانی كۆمەڵگاومەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەكان بە سەرجەم پێداویستیەكانییەوە بە پلەی یەك لە ئەستۆی حزبە دەسەلاَتدارەكاندایە. (نا)ی لاوانیش تەواو گوزارشتە لە كۆی بێزاریەكانیكۆمەڵگا لە ئاست ئەو مەسەلانەی سەرەوە. روونتر

(نا)ی ئەمجارەی بەرامبەر بە پرۆسەی دەنگدان لە سەر دەستوور لە لایەن توێژی لاوانەوە جیا لەهەموو (نا)یەکانی‌تر مەغزایەکی قوڵ و فراوانی هەیە و پشتگۆخستنی دەرئەنجام هەڵوێستی توندترو (نا)ی توندتری لێ دەکەوێتەوە.ئەم مەسەلەیە بە گوتاری بەڵێ بۆ ئەم (نا)یەو بەلاٚم لە واقیعدا بە کرداری نەکردنی بە ئاراستەی نەهێنانەدی خواستەکانی ئەم (نا)یە, دابڕانێکی مەترسی‌دارو درزێکی گەورەی بێ متمانەی لەنێوان توێژی لاوان و حزبە بالاٚدەستەکاندا دێنێتە کایەوە.بڕواشم وایە ئەگەر توێژی لاوان بە شێوازێکی بابەتی و دیوە دروست و لەش ساغەکەیدا درێژە بەم (نا)یەی خۆیان بدەن دەتوانن ببنە فشارێکی گەورە لە سەر دەسەلاٚت و حزبەکانی خاوەن دەسەلاٚت بۆ ئەوەی چیتر بە ئارەزوی خۆیان گەمەو هەڵپەی سیاسی بێسەروبەر لە واقیعی کۆمەڵگادا بەرجەستە نەکەن و درێژە بە دەسەلاٚتدارێتی تەواو پێچەوانەی سیاسەت و پرۆژەی گوتاری تەندروست نەدەن.پێش کۆتایی ئەگەر تۆزێ ڕوونتر پەنجە بخەینە ولاٚمەکانی ئەوپرسیارانەی سەرەوە ئەوا دەبێ بڵێین کەدەستوور دەنوسرێتەوە و دەخرێتە بەردەست بۆدەنگدان لەسەری لاوان تاچەند بەئاگان لێی؟ یان تاچەند ئەوانەی کەماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەی ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بوون تاچەند لەتوێژی لاوان نزیك بوونەوەو ڕاوسەرەنجەکانی لاوانیان وەرگرت و جێ و ڕێیان بۆکردەوە و لەچوارچێوەی ڕەشنوسەکەدا تەوزیفیان کرد؟نەولاٚمی پرسیارەکانی سەرەوەو نەولاٚمی پێویستیەکانی لاوان لەم دەستورەدا نەدراوەتەوە. ئەمەبێجگەلەوەی کەئەوانەی پرۆژەکەیان ئامادەکردو گەیاندیانە پلەی کۆتایی و هتد زۆربەیان کەسانێك بوون لەڕوانگەی ئاین و مەزهەب و شۆڤێنی یەوە دەیانڕوانیە مەسەلەکان نەك پیداویستیەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و لاوان بەتایبەت . هەربۆیەش (نا) یەکی لەو جۆرە لەپرۆسەکەدا کەوتەوە . دەبێت مەسەلەکەش لەنێوان دووئاراستەدا ڕاگرین یەکەمیان لاوان وەك مافی ڕەوای خۆیان کەپرس پێکراونەبوون و تەنانەت ڕەشنوسی دەستورەکەشیان نەبەدەستنووس و نەبەچاپکراوی نەبینی دەنگیان نەدا، دووەمیان دەسلاٚت هەرلەئێستەوە خۆی بێئاگاکردوە لەم مەسەلەیە و نایەوێ بچێتە ژێرباری ڕاستیەکی بابەتی لەچەشنی (نا)ی توێژی لاوان و پشت ڕاستکردنەوەی لەسیاسەتی داهاتوویاندا.

بەکورتی ئەم (نا)یەی توێژی لاوان جیاواز لە هەموو (نا)یەکانی تر دەبێ لای دەسەلاٚدارنی کورد ببێتە سەرچاوەی پرسگەلێکی گرنگ و پشتگۆنەخرێ, بە پێچەوانەوە پشتگۆێخستنی دەرئەنجامێکی توند دەدات بە دەستەوە.